## تەوەرێکی کراوە دەربارەی مێژووی شاری مەخموور

# ناوی مەخموور لەچی هاتووە؟

**ئامادەکردنی: دەنگی مەخموور**

### کورتەیەك و ڕوونکردنەوەیەك

مەخموور لەپێش زایین ژیانی تێدابووە، بەپێی ئەو پشکنینە شوێنەوارییانەی کەکراون لەناوچەکە، بەتایبەت لەسەردەمی ئاشوورییەکان لەو سەردەمە ئاوەدانی هەبووە ئەگەر تێبینی بکەین لەبناری قەرەچووغ شارگەی ئاشوورییەکان هەیە، کەپێی دەوترێت شارگەی سەفری. لەسەردەمی ئاشوورییەکان ئاو بۆمەخموور ڕاکێشراوە، مەسەلەی شارگەش واتا شوێنی شار(گا)ش بۆشوێن دەگەڕێتەوە لەزمانی فارسیو لەزمانی کۆنی کوردی پەهلەوی ئەو مانایە دەگەیەنێت.

هەروەها قەلاتی مەخموووریش زۆرکۆنە، سەرەرای چەندین شوێنەواری دی، بەلام لەدوای نەمانی ئاشوورییەکان ناوچەکە تارادەیەکی زۆر چۆڵ بووە وەکو دەشتێکی لێهاتووە، تادەگاتە سەردەمی هاتنی برایماغای دزەیی ئەوکاتە قەلاتی مەخمووری ئاوەدانکردۆتەوە، دواتر لەدەوروبەری ساڵی ١٨٧٩ هاتونەتە ناو شاری مەخمووری ئێستاکە. سەرەتا لەمەخموور تەنیا گەرەکی سەرای هەبووە. هەروەها دووقشرەی لێ بووە یەکێکیان بەقشرەی خەیالە ناسراوە ئەوی دیکەیان بەبنکەی پۆلیس ناسراوە، کەتایبەت بووە بەشوێنی بەڕێوەبردن ودەسەلاتدارانو قایمقامی مەخمووری تێدابووە لەگەڵ سەرجەم فەرمانگەکانی دیکە.

ئەوەی لێرەدا باسی دەکەین مێژووی شاری مەخموورە، بەگوێرەی توانا هەولدەدەین هەرجارەو تیشك بخەینەسەر لایەنێکی مێژوویی ئەوشارە، بۆئەم جارە باس لە ناوی مەخموور دەکەین هیوادارین ئەوەی زانیاری زیاتر لەسەر مێژووی ئەوشارە هەیە دەتوانێت بابەتەکەمان دەوڵەمەند بکات و بەشێوەیەکی زانستیانە دەتوانێت ڕاوو بۆچوونی خۆیان دەربڕن، ئەوانەی لێرەدا هاتوون ڕاوبۆچوونی نووسەرەکانن ئێمەوەك ئەرکێکی سەرشانی خۆمان هەولدەدەین بەبێ دەستکاری نووسینەکان بلاوبکەینەوە دواتر ئەگەر پێویستی کرد ئەوا هەولدەدەین بەشێوەی سیمینارو کۆری تایبەت لەسەر ئەو باس و خواسانە ئەنجام بدەین. هیوادارین بتوانین لەو پرۆژەیە بەردەوام بینو ببێتە سەرچاوەیەکی ڕاست ودروست بۆ هەموو لایەك.

**عەزیزی مەلای ڕەش:**

### (مەغموور) واتە ئەو شوێنەیە کە (سەراب) دایدەپۆشێ

نووسەرورۆماننووسی کورد عەزیزی مەلای ڕەش زۆر بەکورتی دەربارەی ناوی مەخموور لە چیەوە هاتووە؟ بۆچوونەکانی خۆی دەردەبڕێت و دەڵێت:

من هیچ بەلگەیەکی تەواوم دەست نەکەوتووە کامیانە. تەنیا بەگوێرەی عەقڵ دەلێم: ئەویش جێی متمانە نییە: ڕەنگە (مەغموور)ی لە (غەمر)ەوە بێت. ئەم وشەیەش لەدەشتی هەولێر بەمانا(سەراب)ە. هەرکە لەسەرچیاو زورگەکانی نزیکییەوە سەیری دەشتەکەی بکرێت لەبەر پانو ڕاستی لەسێرەی چاوان (دەغەمرێنێت).

(مەغموور) واتە ئەو شوێنەیە کە (سەراب) دایدەپۆشێ، دووبارە دەلێم چ بەلگەم بەدەستەوە نییە، بۆیە دەلێم مەرج نییە بۆچوونەکەم ڕاست بێت. ئۆباتیش لەدەشتی هەولێر لەجیاتی (غەمر) وشەی (ڕەمر) بەکاردێت، (بەرچاوم ڕەمرێ دەکات) واتە لەپێش چاوم سەراب دیارە.

**غەفوور مەخمووری:**

### ئەوبۆچوونە بەراستتر دەزانم کەناوی مەخموور لەووشەی مەخمەر هاتبێ

ئەوەی تائێستا لەسەرچاوە مێژوویەکاندا باسکرابێ، زۆرێك لەنووسەرانو ڕۆشنبیران لەومەسەلە دواون. چەند بۆچوونو چەند ڕایەك هەیە مامۆستا جەمال بابان باس لەوەدەکات، کە لەوانەیە ناوی مەخموور لە (مەرغ –موور) بەمانای شوێنی باڵندەو تەیروتار دێت ئەوناوچەیەش بەتایبەت قەرەچووغ تێبینی دەکرێت کۆمەلێك باڵندەی کێوی بەتایبەت کەو و سوێسکەو چەندین باڵندەی دی، هەروەها بۆچوونی تریش هەیە کەدەڵێت لە (خمر) هاتبێت، واتا شوێنی دروستکردنی مەی، بەلام ئەوەی تێبینی دەکرێت کەرەستەی سەرەتایی بۆدروستکردنی (خمر) لەوناوچەیە نییە، بەتایبەت خورماو ترێ، چونکە ناوچەی مەخموور ناوچەیکی گەرمو ووشکاوییە تەماشا دەکەین ئەو دوو کەرەستەیەی تێدا نییە.

لەهەمان کاتیشدا بۆچوونی دیکەش هەیە کەپێیان وایە ناوەکە لە( مەخمەل) یاخود (مەخمەر) هاتبێت، بۆیە بە بۆچوونی خۆم زیاتر ئەوبۆچوونە بەراستتر دەزانم کەناوی مەخموور لەووشەی مەخمەر هاتبێ، لەبەر ئەوەی بەهاران ئەو ناوچەیە هەمووی سەوز دەبێت، دەبینین چەندەها گوڵ دەر دەکات. ناوچەکەش وەکو پارچەیەك لەقوماشی مەخمەری لێ دروست دەبێت، واتا ناوچەیەکی زۆر ڕازاوە دەبێت. بەتایبەت بۆ گەشتوگوزارو سەیران خەلکی ڕووی تێ دەکەن، هەروەها سروشتی ناوچەکە وایکردووە ئەو ناوەی بەسەر مەخموور دابرێتو دواتر ووشەی مەخمەر بەدرێژایی مێژوو گۆڕاوە بۆناوی مەخموور.



دیمەنێك لەشاری مەخموور

(فۆتۆ: موحسین شوانی)

**عەباس سلێمان سمایل:**

### ناوی مەخموور دوورنیە لەناوی گوندی مەخمووری نزیك شاری ورمێ هاتبێ

ناوی شارۆچکەی مەخموور لە هیچ سەرچاوەیەکەوە نەهاتووە تەنها ناوی ئاوایی مەرگانە، کەلەدەو بازارگە بەدیووی قەراجەوە هاتووە لەلایەن تۆما مەرگی لە پێش ١١٠٠ساڵ. کەواتە دەبێ شاری مەخموور کۆن نەبێو بەر لە برایماغە مەخموورە گچکەرە هەبووە دواتر لەئاخرۆئۆخری وەسمانییەکان شوێنەکەی بۆ شوێنی ئەمرۆی مەخموور دەگوازرێتەوە. جا هەرچەندە چەندین واتا بۆ ناوی شارۆچکەی مەخموور لێکدراوەتەوە، بەلام ئەوەی ڕاستی بێ ناوی مەخموور دوورنییە لەناوی گوندی مەخمووری نزیك شاری ورمێ هاتبێ هەرچەندە زۆر واتای دیکەشیان بۆ لێکداوەتەوە لەوانە: لە مەخمەر هاتووە بەم جۆرە.... لە قوڵتەپەش شوێنەواری کەونە گوندێك بەناوی خەمرە هەیە کە نزیك لە ناوی شارۆچکەی مەخموور یەك ریشەبێت. دووریش نییە لە (خەمر –مەی)ەوە هاتبێت چونکە دانیشتوی ناوچەکە بەر لەئیسلام زەردەشتیو دیان، جوو، ئێزیدی تیا نیشتەجێ بووەو مەشروبیان دروستکردووە لەو شوێنە، وەك هەرەتی داودەقوتەی جاستانێ*

* داودە قوتە جولەکەیەك بووە لە هەرەتی جاستانی ڕەزی ترێی هەبووەو هەر لەوێش (مەی) دروستکردووە.

**قادر عومەر عەلی (چیا مەخمووری):**

### بە بۆچوونی من ناوی مەخموور لە (مەغموور)ەوە هاتووە

بە پێی سەرژمێری ساڵی ١٩٤٨ سەرجەم دانیشتوانی شاری مەخموور بە گشت گوند و ناحیەکانەوە گەیشتۆتە (٤٤٨٢٨) کەس، بەلام شاری مەخموور بەتەنیا گەیشتۆتە (٣٠٠٠) کەس.

بەلام ئەگەر بەوردی لە ناوی مەخموور بکۆلینەوە زۆر بیرورا هەیە بۆ ناوی مەخموور یەکێك لەو بۆچوونانە دەلێت لە (خمر)یەوە هاتووە، بەلام بەپێی بۆچوونی مامۆستا جەمال بابان دەلێت پێ ناچێ لە (خمر)یەوە هاتبێت چونکە دانیشتوانی مەخموور موسلمانن، بەلکو دەیباتەوە سەر ئەوەی کە گوایە لە (مەرغ و مور)ەوە هاتبێت، واتا شوێنی باڵندە بەزمانی فارسی. هەروەها زۆر بۆچوونی تریش هەیە لەوانە کە دەلێت لەوانەیە لە قوماشی مەخمەری یەوە هاتبێت لەبەر ئەوەی کە باران دەبارێت ڕەنگی زەوییەکەی مەخموور دەگۆڕێت بۆ ڕەنگی ئەو قوماشە. بەلام ڕیش سپیانی مەخموور دەلێن لە کۆندا پاشایەك لە قەلای مەخموور هەبووە کچێکی زۆر جوانی هەبووە ناوی (مەخموورە) بووە دەلێن ناوی (مەخموور) لە ناوی ئەو کچەوە وەرگیراوە. بەلام بە بۆچوونی من ناوی مەخموور لە (مەغموور)ەوە هاتووە و مەغمووریش لە (غمرە)وە وەرگیراوە. واتا قولاییی لەبەر ئەوەی جاران کە باران دەباری لە مەخموور، مەخموور ژێر ئاو دەکەوتو نوقم دەبوو. تاوەکو کۆتایی حەفتاکان لافاوێك لە مەخموور هەلسا ئەوەندە بەهێز بوو تاوەکو فەردە شێلمی لە مالان دەردەهێنا. دواتربەنداویەکان لەدەرەوەی مەخموور درووست کرد بۆ گلدانەوەی ئاوەکە.

# نووسەرو کێشەکانی نووسین لە مەخموور

مێژووی نوسین بەمانای کارکردن لە ژانرە ئەدەبیەکان لەم شارە هێندە دوور نییەو ژمارەی ئەو کەسانەی خۆیان بۆ بواری نوسین تەرخان کردووە دیسان هێندە نین، بەپەنجەکانی هەردوو دەست دەژمێردرێن. دیارە ئەوە بۆ خۆی پرسیارگەلێك بەدوای خۆیدا کێش دەکات، دەبێ بەلای ئەم شارۆچکەیە چی بێ هێندە لەبواری نوسینا کەم برستو هەژارە؟ دیارە ئەوە هێندە ئاسان نییە لەبابەتێکی وا کورتا وەلامی بدرێتەوە. بەلام خۆ هەرهیچ نەبێ، وروژاندنی پرسیارە بۆ لێکۆلینەوە لێی.

دەی با گۆمەکە لەلای ئێمەوە، بەردێك بخرێتە ناویەوەو چاوەڕێش بین بزانین کەسانی تر لەو بوارە چ قسەیەکیان هەیە. لەوانەیە لەبەر ئەوەی بواری پسپۆریم نزیکە لەجوگرافیا، بۆیە یەکێك لەهۆکارەکان بۆ ئەوکارتێکەرە بگێڕمەوە، کە دەڤەری مەخموور لەسەرنەخشەی کوردوستان کەوتۆتە ناوچەیەکی لاچەپو دوورە دەستو سەر تخوبی عارەبان، بە شێوەیەك کە لەڕابردوودا کەم کاروانو ڕێبواری گەریدەو سەرگەردانی دوای مەعریفە ڕێگای بەم ئاواییە کەوتبێ. ئێمە ئەوەش دەزانین کە بەر لەپێشکەوتنو گەشەسەندنی بواری خوێندنو فێرکردن، ئەوانەی ئەرکی گەیاندنو ناساندنی مەعریفەیان لەئەستۆ بووە، کەسانێك



سالار سیامەند

بوون کەگەڕیدەبوونو دەشتاو دەشتو شارەو شار گەڕاونو لێرەو لەوێ زانیاریان وەرگرتووەو گەیاندووە، لە ولاتی ئێمەش زیاتر کەسانێك بوون کە مەلاو فەقێ بوونو بە دوای وەلام بۆ پرسەئاینیەکان گەڕاون.

ئەوە بەمانای ئەوە نایێ کە ناوچەکەی ئێمە لەبواری نوسینو مەعریفە گەلێك دەستکورتو هەژاربێ، بەلام ئەگەر بێیتو بەراوردی بکەیت لەگەڵ چەندین شارو شارۆچکەی تری وەك (کۆیە، شەقلاوە، قەلادزێ، ئاکرێ، زواندز، ئامێدی....هتد)سەیر دەکەیت لەبەراوردکردن نایەن. هەر یەك لەوشارو شارۆچکانە کۆمەلێك پەیوەندیو تێکەلیان لەگەڵ کۆمەلێك شارو شارۆچکەی تر هەیەو کارلێك دەکەن، سەرو سەربردەیەکی تازە لەشارۆچکەیەکیان بەدەر بکەوێ، خێرا دەگوێزرێتەوە بۆئەوانی تر. پەیوەندی کۆمەلایەتیو کەلتوریو مێژویی نێوانیان، هەریەکەیان ئەوی تریانی دەولەمەند کردووە.

لەوانەیە هەبێ بلێ ..... بەراوردەکە لەشوێنی خۆی نیە! چونکە مێژووی ئەو شارۆچکانە جیاوازە لەمێژووی مەخموور. ئەوان ڕەگی مێژوویی دوورو درێژیان هەیەو هەندێکیان سەردەمانێك پایەتەختی میرنشینە گەورەکانی کورد بوون، کەچی مێژووی دروستبوونی مەخموور تێکرا خۆی لە سەدو سی ساڵێك تێپەڕ ناکا، وەلامی من ئەوەیە .... ئایا ئەوەندە ساڵە بەس نەبوون بۆ ئەوەی مەخمووریش ببێتە ناوەندێکی گەشە سەندنو ئاوەدانیو بەدەر کەوتنی چەندین کەسایەتی دیارو ناوداری وەك(حاجی قادری کۆییو مەلای جزیریو ئەمین زەکی بەگو نالیو چەندین نووسەرو مێژوو نووسو زاناو خەلکی ناوداری تر؟ ئەی چی بەسلێمانی بلێین مێژووی دامەزراندنی دووسەدو بیست و چوار ساڵە کەچی ئێستا پایەتەختی ڕۆشنبیرییە؟

لەسەردەمی ئێستاش ئاستەنگی زۆر لەبەردەم ئەو کەسانە هەیە کە حەزوو ئارەزوو نوسینیان هەیەو کەم تا زۆر خۆیان لەقەرەی نووسین دەدەن. بەر لەهەموو شتێك سەرەرای پەرشو بلاویو زۆرو زەوەندی کەناڵەکانی بلاو کردنەوە کەچی تا ئێستاش نوسەرانی ئێمە یان زۆر کەم دەنووسن یان ئەوەتا دەنووسنو زۆر کەم بلاو دەکەنەوە.

سەیر دەکەی ناوە ناوە بلاوکراوەیەك دەردەچێ، کەچی تەمەنی هێندە درێژ نابێو دوای یەك دوو ژمارە لەدەرچوون دەوەستێ کە هیوادارم ئەوەی دواینیان وا نەبێ. لەوەشیان بۆ پڕکردنەوەی لاپەڕەکانی یان دەبێ پشت بەو نوسینانە ببەستێ کە نوسەرەکانیان لە دەرەوەی مەخموور دانیشتوونو لە شوێنانی تر خەریکی کاری نووسینن، یان ئەوەتا ئەگەر بمبورن دەبێ جارو بار لەپێناوی هاندانی زیاترو دەستگرتن ڕێگا بە نوسینی کرچو کاڵ بدرێ کە بلاوببێتەوە کە ئەوەش لەسەر حسابی زەوقی خوێنەرو ئەو بلاوکراوەیە دەوەستێ کە بابەتەکە بلاو دەکاتەوە.

من بەم واتە بەکتك لەکێشە سەرەکیەکانی بەردەم نوسەرانی ئێمە نەبوونی پسپۆڕیو کەمی ئەزموونی نوسینە، زۆربەی نوسەرانی ئێمە نوسەرن لەبواری ڕەخنەگرتن لەکەمی خزمەتگوزاری، کە ئەوە زۆرجار ئەرزوحاڵ نوسێك دەتوانێ باشترین شت لەو بوارەوە بنوسێ کە ئەوە کەمکردنەوە نیە لەپیشەی ئەرزوحاڵ نووسی. یان ئەوەتا نوسەرانی ئێمە نوسەری سیاسین، واتا شیکردنەوەیان لەبابەتە سیاسیەکان هەیە کەچی لەوەشیان تائێستا کەسێکی پرۆفیشناڵو

**لەمەخموور کۆمەلێك دەنگی باش هەن گەر بێتو بەردەوام بن و زیاتر گرنگی و بایەخ بە خۆیان بدەن و هەوڵ بدەن لەبوارێکدا پسپۆر بن، ئەوە بەدڵنیاییەوە نووسەری باشی لەئایندە تیادا هەڵ دەکەوێ**

شارەزا دەرنەکەوتووە خوی خۆی بداتە ئەو بوارەو وەکوو دەنگێك بێتە سەر شانۆ، ئەوانی تریش کە هەن زۆربەیان شیعر دەنووسن. کە لەوەشیان زۆریان تاسەر بەردەوام نابن. کفری شارۆچکەیەکە وەکوو مەخموور لەسالانی حەفتاکان لەگەڵ بەدەرکەوتنی قوتابخانەی ڕوانگە لەشیعری کوردیدا، دەنگی شاعیرانی کفری وەك (لەتیف هەلمەت و فەرهاد شاکەلی ) دیاربوو کە خاوەنی ڕێچکەی شیعری خۆیان بوون دواتریش مەهاباد قەرەداغی بوو بەدەنگیکی دیاری شیعری کوردی کە ئەویش هەر سەر بوە ڕێچکەیەی شاعیرانی کفریە.

لەمەخموور کۆمەلێك دەنگی باش هەن گەر بێتو بەردەوام بنو زیاتر گرنگیو بایەخ بە خۆیان بدەنو هەوڵ بدەن لەبوارێکدا پسپۆر بن، ئەوە بەدڵنیاییەوە نوسەری باشی لەئایندە تیادە هەڵ دەکەوێ، من چ شیکردنەوەیەکم بۆ ئەوە هەبێ کە دوای شەش ساڵ لەئازادی تائێستا کتێبخانەیەکی گشتی یان ناوەندێکی زانستیو ئەکادیمی لەو شارۆچکەیە بوونی نەبێ ؟ کەچی لەزۆر جێگا لەشارەدێ کتێبخانەو ناوەندی زانستی لێبێ؟؟؟

Srushti_jwan@yahoo.com

# دوژمنان تاوەکو ئێستا بەئاواتن مەخموور تەعریب بکەنەوە بەڵام بۆیان نایەتەدی

مەلا عەزیز مەخمووری:

## ئەگەر سەرۆك بارزانی نەبوایە لە ساڵی ١٩٩١ بەعس دەستگیری دەکردم

**هەرکاتێك باس لەمێژووی بەرخودانی مەخموورو خەڵکەکەی بکرێت ئەوە ناکرێت باس لە ژیان و بەسەرهاتی هەندێ کەسایەتی و ناوداری ئەو شارە نەکرێت، کە خۆنەویستانە لەپێناو ئازادیی و سەرفرازی دەڤەرەکە جەنگاون و گیانی خۆیان بەختکردوە، لەگەڵ ئەوەی بەردەوام ئازاری نیشتمانەکەیان چێشتوە، هیچ کەسێك نیە لەم کوردستانە ئاشنای ناوی مەلا عەزیز مەخمووری نەبوبێت کە چۆن رۆڵی گرنگی هەبووە لە بوارەکانی کۆمەلآیەتی و شۆرشدا.**

**دیمانە: سەدرەدین قەراجی/ هەولێر**



مەلا عەزیز جیا لەوەی کادرێکی چالاکی پارتی دیموکراتی کوردستانە، هاوکات یەك لەکەسایەتیە دیارو بەرچاوەکانی ناوچەکەشە، کەرۆڵی گرنگو کاریگەری راستەوخۆی هەبووەو هەیە لەبەیەکەوە ژیانو ئاشتیو ئارامی.

ئەو رۆژەی کە بەمەبەستی دیدارەکە چوینە لای مەلا عەزیز ئێوارەکەی ئەو لەبارەگای مەکتەبی کۆمەلآیەتی لقی دوو کەخۆی بەرپرسێتی پێشوازی لێکردین، هەرکە چوین ئەو بەوپەری خۆشحاڵیەوە رایگەیاند خۆشحاڵە گەنجانی مەخموور هاتونە ناو بواری رۆشنبیریو راگەیاندنو دەستیان داوەتە بواری رۆژنامەگەری.

مەلا عەزیز مەخمووری ناوی تەواوی عەزیز مەحمود کەریمەو لەدایك بووی ساڵی ١٩٤٢ی گوندی شۆرەپەلکەی دەشتی قەراجە، لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٦٣ لەسەردەستی مەلا غەریب پەیوەندی بە رێکخستنەکانی پارتی و شۆرشی ئەیلول کردوە، وەك خۆی ئاماژەی بۆدەکات تاکو ئێستا بەردەوامەو یەك رۆژیش دانەبراوە لە شۆرش. ئەو لەساڵی ١٩٥٩ ژیانی هاوسەری پێك هێناوەو سێ کورو پێنج کچی هەیە. ئێستاکەش دانیشتوی گەرەکی ئازادی شاری هەولێرە.

لەزۆربەی ئەوکاتانەی کە هەر شتێك لە ناوچەکە بێتە ئاراوە مەلا عەزیز دەبینرێت و بەئەرکی ئاشتەوایی هەڵدەستێت لەگەڵ ئەوەش پەیوەندیەکی بەتینی هەیە لەگەڵ عەرەبەکانی سنورەکە و لەلایەن دانیشتوانی ناوچەکەش گوێی بۆرادەگیرێت و بەکەسێکی شایستە ناوی دەبەن، لەبەرامبەرئەوەشیان مەلا عەزیز دەڵێت" تا پێمکرابێت نەمهێشتوە خوێن لەنێوان کورد و عەرەب برژێت و شەری تایفەگەری لەناوچەکە دروستبێ.

مەلا عەزیز لەدوو کاتی هەستیارو ناسك وەك نوێنەری سەرۆك بارزانی لە مەخموور رۆڵێکیکی گرنگی بینیوە یەك لەراپەرینەکەی بەهاری ١٩٩١ و ئەویتر لە پرۆسەی ئازادی گەلانی ئێراق، لەمبارەوە مەلا عەزیز لەسەر راپەین ووتی" لە راپەرین ئێمە بروامان وابوو پاشەکشە دەکەین لەگەڵ ئەوەش بروامان هەبوو کە کەسێك لەوێ بێت رێگە نەدات کوشتن پەیدابێت ئەوە بوو متمانەکە بە من کرا و منیان رەوانەکرد منیش ئەوەی لەدەستم هات نەمهێشت هیچ شتێك دروست بێتن کە رەوشەکەش تێك چوو و پەیوەندیمان لەگەڵ بەغدا پچرا ئەوەبوو جەنابی سەرۆك مەسعود بارزانی بەخۆی فەرمانی کرد و بروسکەی کرد کەمن ئەو شەوە لە مەخموور بڕۆم دەنا بەیانیەکەی رژێمی بەعس دەستگیرم دەکات.

کاتێك مەلا عەزیز هاتە سەر مەخموورو رۆژەخزمەتگوزاریەکان، وتی "بەداخەوە لەسەرەتای دامەزراندنیەوە تا ئەمرۆ شارۆچکەی مەخموور وەکو پێویست بایەخی پێنەداروە لە هەموو رووەکەوە بێ بەش بووە".

هەروەها مەلا عەزیز دەڵێ "خوالێخۆشبوو برایم ئاغا بەخۆی بەرگری لە مەخموور کردوە لەگەڵ خەڵکێکی برادەرو دۆستی خۆی و جەماوری مەخموور نەبوایە ئەوە مەخموور لەمێژبوو داگیرکرابوو بۆیە جێگەی خۆیەتی لێرە ئاماژە بەو کەسە قارەمانانە بکەم چونکە کەس ناویان ناهێنێت و باسیان ناکەن کە بریتین لە (رەحمان سەفەر، نادر سەفەر، تەها سەفەر، تەلیف قۆلجیی، حاجی جەلال قۆلجیی، حەمەدەمین (مام حەماو)، نادر کارەوان، سمایل عەلی جەمرە، حمد عەلی پۆلیس، حاجی محمد سۆفی،. مام حەسۆ داسنی، رەحمان بجین، حاجی عارەب، مەلا غەریب، مام ساڵح بەقال ئەحمد خدرەلەك،رەمەزان زەمۆك). ئەوانە زۆردەوریان هەبوو لە پشگیری برایم ئاغا بۆ ئەوەی دوژمنان هیچ کات نەتوانن مەخموور داگیربکەن و تەحەدا لەخەڵکەکی بکەن و بێنە پێش، هەروەها لەرووی کۆمەلایەتیش رۆڵیان هەبووە لە پێکەوە ژیان لەگەڵ براعەرەبەکانی ناوچەکە جگە لەوەش چەندکەسایەتیە ناوداری ئاینی وەك سەید عومەر و مەلا محەمەدی لەك ناسراو بە مەلا محەمەدی کەمالی و مەلا محەمەدی جنێرانی باوکی مەلا غەریب.

لەسەردەمی گەنجێتی ئەودا بزوتنەوەی رۆشنبیری لە مەخموور هەبوە و چۆن بوە ئەو وتی" لەسەردەمی ئێمە بزوتنەوەی رۆشنبیری گەنجان هەبووە کە زۆربەی کادیرانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان دەیان کرد. لەوانە ئیبراهیم حەسەن، برایم سەید غەفوور، ئیبراهیم مەلا محێدین، حەسەن مام ئەنوەر) ئەوچوارکەسە زۆرکاریان دەکرد و ئێمەش وەك لێژنەی ناوچەی حزب زۆر پشگیرمان دەکردن.

لەکۆتایی گفتوگۆکەماندا هاتینە سەر باسی کاری مەکتەبی کۆمەلایەتی کە مەلاعەزیز بەرپرسی کۆمەلایەتیە ئەو بەم شێوەیە باسی کرد "ئێمە رۆژانە کێشە کۆمەلایەتییەکان چارەسەردەکەین بەلآم ئەوکێشەی نەچوبێتە دادگا دێتەلای ئێمە چونکە خەڵك هەیە حەزناکات کێشەکەی بچێتە دادگا بەهۆی دواکەوتنی کێشەکەی لەدادگا، ئێمەش بەرامبەرکەی بەجیا و بەتەنها بانگ دەکەین و قسەی لەگەڵ دەکەین و بۆئەوەی کێشەکە چارەسەربکەین کە سولحەکانیش دەکەین پێیان مۆردەکەین و یەکتری ماچ دەکەنو دەچنەوەماڵ و ئاشتەوایان پێدەکەین.

ئەوە نزیکەی دەساڵیش دەبێت من لەو مەکتەبەم تاکو ئێستاکەش هەزاران کێشەمان چارەسەرکردوە.

لەهەمبەر ئەو هەلبژاردنەی داهاتوو کە مەخموور تێدا بە سێ نوێنەر بەژداری دەکات وتی "دەبێت هەموو لایەك کاربکەن بۆئەوەی لەو هەلبژاردنە سەرکەوین دەنا رەوشمان لەوە باشتر نابێت ئەگەر خراپتر نەبێت، ئەگەر سەرکەوین رەوشی مەخموور باشدەبێ".



حەمید گەردی:

## بەدەست من بێت ئێستا داوای سەربەخۆیی کوردستان دەکەم

**حەمید گەردی نووسەرو سیاسەتوان لە ٢-٧-١٩٥٣ لەگوێر لەدایکبووە، سەرەتایی و ناوەندی لەگوێر خوێندووە، پەیمانگای مامۆستایانی لەهەولێر تەواو کردووە، کۆلیژی پەرستیاری لەئێران بەسەرکەتوویی تەواودەکاتو، ئێستاکە قوتابیە لەکۆلیژی جیهان لەبەشی یاساو رامیاری، ساڵی ١٩٧٥ خێزان پێ دەهێنێت، زیاترلە ١٦ کتێبی جۆراوجۆری چاپ وبلاّوکردووەتەوە.**

**سازدانی: دەنگی مەخموور**



### ٥٠ ساڵ بۆیەك بەرهەم

دەربارەی دەستپێکی کاری نووسین حەمید گەردی پێی وایە "لەسالآنی ١٩٦٠دا دەستی نووسینم هەبووە، ئەوکات منالێش بووم، دواتر لەساڵی ١٩٦٩ بووم بەپێشمەرگەو وەك مامۆستای شۆرش دامەزرام، دوای ئەوەش لەرۆژنامەکانی کوردستان لەدوای ١٩٧٠چەند بابەتێکم بلاّوکردەوە. کە پەیمانگای مامۆستایانم تەواوکرد دامەزرام وەك مامۆستا، ئەوکاتانەی لەپەیمانگاش بووم لەریزەکانی یەکێتی قوتابیان کارمدەکرد، هەرلەناو شۆرش بەشداری خولێکی سەربازیمکرد لەساڵی ١٩٧٤ ئەوەبوو پلەی یەکەمم بەدەستهێنا، لەدوای ساڵی ١٩٧٥ ئاوارەی ئێران بووینو لەوێش چەندجارێك دەستگیر کرام، تائەوکاتەی شەری ئێرانو ئێراق کۆتایی هات گەرامەوە.

لەساڵی ١٩٨٠ یەکەم بەرهەمم بەناوی (مێژوونامە) لەئێران چاپکرد. کتێبی دووەمم بەناوی (بۆئاوارەبووم) راستی ئەو کتێبەم بەرلەسالآنی هەشتاکان نوسیوە. بەشێوەیەکی گشتی بەرهەمەکانم هەمەرەنگن، لەوانە کتێبێکم چاپکردووە بەناوی(پەندی پێشینان لەباخچەی گەردی) کەنزیکەی ٨هەزار پەندی لەخۆوە گرتووە، هەروەها ٣ هەزار پەندی دیکەم ماوە کە چاپیان بکەم. هەروەها کتێبێکی تر بەناوی (هۆزی گەردی لەبنەرەتدا) کە ٩٦٠ لاپەرەیە لەساڵی ٢٠٠٨ بلاّوکردەوە، بۆنووسینی ئەم کتێبە سەردانی وولآتانی وەك (پاکستان، سوریا، روسیا، تورکیا..هتد)مکردووە بۆوەرگرتنی زانیاری. هەروەك حەمید گەردی باس لەوکتێبە دەکات کەتایبەتە بە هۆزی گەردی دەڵێت "ئەوکتێبەم بەرهەمی ٥٠ ساڵە، بەردەوام زانیاریو بەڵگەم بۆکۆکردووەتەوە".

### خۆشەویستی خەباتی کوردایەتی بوومە

خۆشەویستی زۆر جۆری هەیە، ئەگەر هەر مەبەستت خۆشەویستیو دڵداری بێت بەڵێ کردوومە، بەلآم بەشێوەیەکی جوانو رێكو پێك، نەك بەگاڵتەو بەتانەو تەشەر بۆلایەنەکەی تر بگەرێتەوە. هەروەها حەمید گەردی باسی لەو قوربانییە کرد کەلەپێناو خۆشەویستی خەباتی کوردایەتی دەست لەخۆشەویستیو جوانی ئافرەت هەڵدەگرێت، وەك باسی کرد "دڵداریو خۆشەویستیم لا گرنگ بوو، بەلآم خەباتی کوردایەتی لای من لەهەموو شتێك گرانترو بەنرختر بوو". هەروەها لەپەیوەندییە خۆشەویستیەکانی بەردەوام ئەو نهێنی پاراستووەو بەبێ ترسو بەدڵەوە خۆشەویستی کردووە تائەو شوێنەی دەرفەتی هەبووە.

### مەخموور بەئەنقەست فەرامۆش نەکراوە

لەسەردەمی بارزانیو کاك ئیدریس گوێم لێ بوە باسی مەخووریان کردووە، بەتایبەت کاك ئیدریس گرنگی پێداوە لەلایەنی سیاسیەوە، بەلآم مەخموور لە رووی جوگرافیو هەڵکەوتنی دیمۆگرافی وای خواستووە دوژمنان بەردەوام کاری تێکدەرانەو تەعریبی ئەوناوچەیان کردووەو تەنیا کاولکاریو دەربەدەری بەشی ئەوشارە بووە.

بەبۆچوونی حەمید گەردی مەخموور بەئەنقەست فەرامۆش نەکراوە، بەڵکو وەزعی سیاسی ناوچەکە رێگربووە لەبەردەم پێشکەوتنو باشترکردنی رەوشی ئەوشارە. هەروەها باس لەوەدەکات کە "دەسەلآتی کوردستان وسەرکردایەتی کورد بەرامبەر ئەوشارە وەك پێویست هەوڵیان داوە". هەروەها پێی وابوو ".

### دروشمی برایەتی کوردو عەرەب

ئێمەی کورد زۆر لەکۆنەوە دروشمی (برایەتی کوردو عەرەب)مان بەرزکردۆتەوە، بەلآم راستیت دەوێ بەشی زۆری عەرەب هەڵویستیان لەسەر ئەوە گۆڕاوە ئێمە ئەو دروشمە جێبەجێ دەکەین، بەلآم ئەوان نەیان کردووە". هەروەها حەمید باسی لەهەڵوێستی جوامێرانەی کورد دەکات بەتایبەت لەراپەرینو تەنانەت لەدوای رووخانی رژێمی بەعسیەوە هەروەك دەڵێت " ئەوهەلەی بۆئێمە لەوکاتانە رەخسا ئەوان لەجێگەی ئێمە بونایە خەڵکیان لەخاچ دەدا. بەلآم کورد واپەروەردە بووە کە زوڵمو ستەم لەکەس نەکات". حەمید گەردی لەوبڕوایە دابوو ئەگەر هەر نەتەوەیەکی دیکە ئەودەرفەتەی وەك بۆ کورد رەخسا بۆیان برەخسایە ئەوان خراپتریان دەکردو لەجێگەی ئاشتی شەریان بەرپادەکرد".

### قسەیەك ئەوحەزی کرد باسی بکات

لەکۆتایی گفتوگۆکەمان لەگەڵ نووسەرو سیاسەتوان حەمیدگەردی داوای ئەوەمان لێکرد ئەگەر شتێکی ماوە حەزبکات بیلێت، دوای تێرامانێکی کورت گوتی "خەڵکی ئەوناوچەیە کوردێکی تەواو بوونە بەمانا کورد، هیچ کاتێك پشتیان لەشۆرشەکانی کورد نەکردووە، بەڵکو پشتگیریو هاوکاری خۆیان لەهیچ شۆرشێك نەبریوەتەوە، لەم پێناوەشدا بەدەیانو بەسەدان قوربانیان داوە.

